دەست پێش خەری مەکەن بە سەلام کردن بەرامبەر جولەکە ونەسڕانیەکان، وئەگەر گەیشتن پێیان لە ڕێگادا؛ ئەوا ناچاریان بکەن لە تەنگترین بەشیدا ڕێ بکەن

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «دەست پێش خەری مەکەن بە سەلام کردن بەرامبەر جولەکە ونەسڕانیەکان، وئەگەر گەیشتن پێیان لە ڕێگادا؛ ئەوا ناچاریان بکەن لە تەنگترین بەشیدا ڕێ بکەن».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە دەستپێکردنی سەلامکردن بەرامبەر جولەکە وگاوڕەکان ئەگەرچیش زمی بن؛ چ جای کافرەکانی تر، هەروەها ڕوونیکردووەتەوە بۆمان ئەگەر گەیشتین بە یەکێکیان لەسەر ڕێگا ئەوا ناچاری بکەین بە تەنگترین بەشی ڕێگاکەدا بڕوات، چونکە ئیماندار لە ناوەڕاستی ڕێگا دەڕوات، وئەوەی خۆی لەسەر ڕێگا لادەدات کافرە، ومسوڵمان نابێت بە هەرحاڵێك لە حاڵەکان زەلیل بێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5347